سەرۆک کۆمار پێشوازی لە ژمارێک بەرپرسی حکومەت دەکات

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، لە کۆشکی سەلام لە بەغداد پێشوازیکرد لە ژمارێک بەرپرسانی دەوڵەت.

سەرۆکایەتی کۆمار بڵاویکردەوە لە میانی دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار بەبەنێی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەو پیرۆزبایی لە بەرپرسان کرد و هیوای سەرکەوتنی بە خواستن.

سەرۆک کۆمار جەختی لە پێویستی هەستانی بەرپرس بەرامبەری سەرکردایەتی خۆی و خستنەگەڕی هەوڵەکانی دامەزراوە وفەرمانگەکەی بە خزمەتکردنی هاوڵاتی و بەدیهێنانی پێداویستییەکانی بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە جێبەجێکردنی کارنامەکەی حکومەتدا.

هەروەها سەرۆک کۆمار ڕایگەیاند پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری کەرکوک گرنگ و خاڵێکی دەستپێکردنە بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و نەژێنکردنەوەی ژێرخانی ئابوری و جەختیشی لەپێویستی یەکخستنی هەوڵەکان کردەوە بە بەرنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە لە بوارەکانی ئاسایش و ئابووری و ژینگەییدا.

سەرۆک کۆمار باسی لە پێوەندییەکانی نێوان هەردو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان کرد و جەختی لێوە کردەوە کە بەهێزی ناوەند بەهێزی هەرێم و بەهێزی هەرێمیش هێزی ناوەندە.

سەرەکی کەمار ئاماژەی بە گرنگی پشتن بە دەستوور و یاسا و لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان کرد لە دەزینۆوەی چارەسەر بە کێشە هەڵپەسەردراوەکانی نێوان هەردوولا.

لە بەرامبەریشدا بەرپرسان جەختیان لە پەرەشی خێیان کردەوە بە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بە باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکێش بە هاوڵاتیان دەکرێن و سووربوونیان لەسەر کاری هاوبەش و پتەوکردنی پێکەوەژیانی نێوان عەراقییەکان کردەوە، هەروەها ستایشی پێشنیارەکانی سەرەکی کەماریان کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخ و ئاستەنگانەی کە وڵاتی پێیدا تێدەپەڕێت.